Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090318

# چییەتی ئاکار

إبراهيم عبد الرحمن محمود          أركان حسين صبري

بەشی زمانی کوردی // کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: April ,2022
Accepted : June,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

ئاکار، ئیسلام، ئەخلاق، مەسیحییەت، یەهودییەت.

Corresponding Author

dr.ibrahimjaaf@gmail.com
arkanhussain1988@gmail

**پوختە**

ئاکار یەکێکە لەو بابەتانەی کە کەمترین نوسینی لەسەر کراوە لە دنیایی نوسینی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی و نوسینی ئەکادیمی بە شێوەیەکی تایبەتی، گرنگی ئاکار چ وەك تیۆر و چ وەك کرارەکی و وەك زەرورەتێك و پێویستی ئەم رۆژگارەمان، هەروەها ئاکاریانە ژیان و مامەڵەکردنی ئاکاریانە پێویستی بەوەیە کە ئەم چەمکە بناسین و بزانین لە ناو ئاینەکان و تەنانەت لە فەلسەفەشدا چۆن بەکار هاتووە بۆ ئەوەی بەشێك لە کێشەکانمان بناسین و بزانین لە کوێدا پێویستمان بە مامەڵەی ئاکاریانەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زۆر بچوکە بۆ ناساندن و باسکردن ئەم بابەتە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و چوار تەوەر و ئەنجام لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە، تەوەری یەکەم باسکردنە لە زاراوە و چەمکی ئاکار و پەیوەندی ئەو وشەیە لەگەڵ ئەخلاق و مۆراڵدا، تەوەری دووەم تایبەتە بە باسکردن لە ئاکار لە ئایینە ئیبراهیمیەکاندا، تەوەری سێیەم باس لە ئاکار لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە دەکات، کۆتا تەوەریش لەسەر ئاکارە لە ڕوانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسیەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامی بەدەستهاتوو خراوەتەڕوو. میتۆدی بەکارهاتوش میتۆدی وەسفییە.

## پێشەکی:

### تەوەری یەکەم/ چەمك و زاراوەی ئاکار و پەیوەندی لەگەڵ(ئەخلاق و مۆراڵ)دا:

**زاراوەی ئاكار:** بۆ باسکردن لە زاراوەی ئاکار دەبێت ئەوە ڕونبکرێتەوە کە ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا مانای چیە، بۆ ئەمەش توێژەر گەڕاوەتەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمانی کوردی و باس کردن لەوەی ئەم وشەیە لەو فەرهەنگانەدا بە چ مانایەك هاتوون. هەژار لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەم مانایە هێناویەتی و دەڵێت ( ئاکار واتە: خو، رەوشت، کردەوە، ئەخلاق، کردار و ئەخلاق )(شەرەفکەندی،١٣٦٩:٩). لێرەدا نوسەر مانای وشەکەی بە ڕەوشت و کرداری کوردی و ئەخلاقی عەرەبی هاو واتا کردوە. ( ئاکار واتە ڕەفتار، چۆنێتی هەڵسوکەوت و ڕەوشتی تاکە کەسێك بنەڕەتی وشەکە نادیارە)(هەرشەمی،٢٠٢٢:٧٧)، لێکچونێك دەبینرێت لەگەڵ وشەی لاتینی ( ئەکتۆس – aktus ) کە لە ڕەگی وشەی ( ئەکتا – ackta ) هاتووە بە واتای هەڵسوڕاندن و هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر ڕوداوێك، شایەنی باسە وشکە لە گەلێك زمانی دیش بەکاردێت، لە سویدی بوەتە ( ئەکت –akt )،( گریمانەیەکی تریش هەیە کە دور نیە لە وشەی ( ئاقار ) بە واتای کێڵگە هاتبێت، کە مەبەست لێی بریتی بوە لەوەی ئاخۆ کەسی جێ مەبەست چی چاندوە و ڕەفتاری یان کرداری رۆژانەی چی بوە؟

لە گریکی ( ئەگرارۆس – agrarus ) واتا کشتوکاڵ، لە هەمان وشەی ( ئاقار – agros ) بە واتای کێڵگە هاتووە. خودی وشەکە ئاماژەیە بۆ سەردەمێك کە چاندن، پیشە و رەفتاری گشتی خەڵك بوە. ئەمە لە واتا لاتینیەکەی وشەکەدا باش دیارە کە بریتیە لە ( ئەگریکلتورە -agricultura ))(زەبیحی،١٣٦٧:٤٧)، یان کەلچەر کە ئەمڕۆ ناوێکە گشتی فەرهەنگە لەم ناوەی سەرەوە ماوەتەوە و لەم ڕۆژگارەدا واتاکەی فراوان بوە کە کلتور و فەرهەنگی گشتە دەگەیەنێت. بەم وردبونەوانە توێژەر بۆی دەردەکەوێت کە وشەی ئاکار بە هەمان واتای ڕەفتار و رەوشتی مرۆڤە، کە دەکرێت بنەڕەتی وشەکە لە زمانێکە دیەکە هاتبێت وەك ئەوەی باسکرا.

سەبارەت بە وشەی ئەخلاق توێژەر گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتای وشەکە لە زمانی عەرەبیدا و دواتریش ماناکانی.( وشەی ( خلق ) لە ڕوی زمانەوە بە ( فەتحی الخاء ) بە مانای دروستکردن و داهێنان و بەدیهێنان دێت، مانایەکی تریشی هەیە ئەویش ( ساف و لوس )ه وەك ( صخره قلساء ) واتە ( تاوێرێکی لوس ) )( فارس،٢٠٠٨:٣١١ ). بنەرەتی ئەم وشەیەش لە زمانی عەرەبیدا بە واتای دروستکردنی شتێکە بە بێ بەکارهێنانی شتێکی دیکە، وەکو ( خلق الله السموات و و الارض )، هەروەها بە واتای دروستکردنی شتێك بە شتێکی تریش دێت، وەکو ( خلقکم من نفس واحده ) ( خلق الانسان من نطفه )، وە بە واتای هەڵبەستنی درۆش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ( و تلحقون افکا ) (الأصفهانی،١٣٦٢:٧٧٥ )، بەڵام ( خلق ) یان ( ئەخلاق ) لەم فەرهەنگانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەرێت بە یەك مانا هاتوون و مانا کراون. ( بە زەمەی خاء ) بە واتای خو و رەوشت رەفتار و کردارە )( فارس،٢٠٠٨:٣١١ ) . ( ئەخلاق لە زمانەوانیدا واتە ئاکار یان رەوشت، لە زاراوەشدا ئاماژەیە بۆ دەرونێکی جێگیر، کە سەرچاوەی ئەنجامدانی کارەکانە )(الخراز،٢٠٠٩:٢١) . ( ئەخلاق واتە: ئاکار، ڕەوشت، ڕەفتار، هەڵسوکەوت )(کەریم،١٣٨٩:١٢) . ( ئەخلاق واتە: خو، ڕەوشت و کردار )(شێخانی،٢٠٠٩:٣٤) شایەنی باسە لە فەرهەنگی مەردۆخیدا لە کاتی گواستنەوەی وشەی ئاکار لە دەستنوسەوە بۆ نوسین بە شێوەی کۆمپیوتەری لە پەراوێزدا نوسراوە کە نەتوانراوە مانای وشەکە بخوێندرێتەوە، دیارە نەیانتوانیوە بیخوێننەوە بە هەر هۆکارێك بێت (کوردستانی،١٣٨٥:٨). سەبارەت بە بنەڕەتی وشەکەش ( ( خلق- بە فەتحەی خاء، خلق- بە زەمەی خاء ) هەردوکیان بنەڕەتێکیان هەیە، یەکەم تایبەتە بە دروستکرن و بەدیهێنانی وێنە و شێوازی هەستپێکراو و بینراو بە چاو، دووەمیش تایبەتە بە هێز و خو ڕەوشت و ڕەفتار و کردار کە لە ناخ و دڵدا هەستی پێدەکرێت )( الأصفهانی،١٣٦٢:٧٧٥ ). ( ( أخلاق ) کۆی وشەی ( خلق- بە زەمەی خاء ) بە واتای خو ڕەوشت و ڕەفتار)( الفوزان و ئەوانیتر،نیە:١٦٧ ).

( ( ئەخلاق ) لە روی زاراوەوە، باس و خواسەکانی لە چەند یاسا و ڕێسایەك پێکدێت بۆ وەسفکردن و پێناسەکردنی ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ بە چاك یان خراپ، جوان یان ناشرین، کەواتە ئەخلاق لە ڕوی زاراوەوە زانستی ئەخلاق دەگرێتەوە، ئەخلاقیش واتە هەموو شتێك لەگەڵ یاسا و ڕێسای ئەخلاقی جوان و پەسەندی کۆمەڵ یەکبگرێتەوە )( گەلاڵەیی،٢٠١٠:٦٦٧ ) بۆیە لێرەدا دوای سەیرکردنی فەرهەنگەکان بۆمان دەردەکەوێت بە یەك مانا ئاکار و ئەخلاق هاتوون و ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا بە یەك مانا بەکاریان دەهێنین. سەبارەت بە وشەی مۆراڵ و پەیوەندی لەگەڵ وشەی ئاکار دەبێت بڵێین کە وشەی مۆراڵ ( moral ) لە فەرهەنکی زمانی ئینگلیزیدا چەندین مانا لە خۆ دەگرێت، مانا سەرەکیەکانی لەمانەی خوارەوەدا یەکدەگرێتەوە.

**یەکەم/** بە مانای فێرکار یان هۆشیارکەرەوە، یان بە مانای ستاندارە ئاکارییەکان ( جەوشەنی،٢٠١٥:١٨١٤ ).

**دووەم/** بە واتای مەعنەوی یان لایەنی مەعنەوی واتایی( البعلبکی،٢٠٠٩:٧٤٢).

**سێیەم/** بە واتای مەبەست و ناوەڕۆکی چیرۆك ( ئۆکسفۆرد،نیە: ٧٨٩ ).

**چوارەم/** سەرەکیترین مانای ئەم وشەیە کە لە ئەمڕۆدا زۆر بەکاردێت ( رەوشت و ئەخلاق و ئاکارە )( جەوشەنی،٢٠١٥:١٨١٥ )( البعلبکی،٢٠٠٩:٧٤٢ )( ئۆکسفۆرد،نیە: ٧٨٩ ). ئەم وشەیە لە هەندێك جێگەی تایبەتیدا بە هەندێك گۆڕانکاری لە خستنەسەری چەند پیتێکی تردا مانای جیاوازتر هەڵدەگرێت لەوانە: ( moralism بە مانای ئەخلاق خواز )( سەجادی،٢٠٢٢:٣٤٠ )، ( moraliyaty واتە بنەما و ڕێسایەکی ئەخلاقی یان وانەیەك لە ئاکار و ڕەفتار )( البعلبکی، ٢٠٠٩:٧٤٢ )، ( moralist بە مانای کەسێکی چاکەکار و پابەند بە بنەما ئاکارییەکان )( هەمان سەرچاوە:٧٤٢).

**چەمکی ئاکار:** پێناسەکردن و ناساندنی چەمکەکان یەکێکە لەو بابەتانەی کە دانانی چوارگۆشەیەك و لە قاڵبدانی لە چوارچێوەی یەك پێناسەی دیاری کراودا کە هەموان لەسەری ڕێك بن کارێکی نەکردەیە، ئاکاریش بەدەر نیە لەم یاسایە، چونکە پێناسەکردنی هەر چەمکێك پەیوەستە بە توانا و وردبونەوەی ئەو کەسەی کە پێناسەکە دەکات، لەبەرئەوەش توانای وردبونەوەی کەسەکان جیاوازە بۆیە پێناسەکانیش جیاواز دەبن. فەیلەسوف و زاناکانی ئاکار لەسەر پێناسە کردن و تێگەیشتنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاکار جیاوازییان هەیە لەوەی ئاخۆ حاڵەتێکە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێ یان زانست و یاسایەکە لە دەرەوە گەڵاڵە دەکرێت و فەرز دەکرێ؟ ئاخۆ

بنەماكانی ڕەهان و ریشەیەكی میتافیزیكیان هەیە، یان ڕێژەیین و زادەی كۆمەڵگە جیاوازەكانی مرۆڤایەتین، وردەكاریەكانی ئاكار، خێر یان شەڕ، عەقڵ دیاری كردوە یان شەرع، خێرییەت و شەڕییەت شتێكە لە خودی كردارەكەدایە بە چاوپۆشین لە دەوروبەرەكەی یاخود بە فەرمانێك مۆری خێر یان شەڕی لێدەدرێت. لێرەدا چەندین پێناسە بۆ ئاكار دەخەینەرو كە هەر یەكێك لەم نوسەرانە لە گۆشە نیگای خۆیەوە پێناسەی بۆ كردوە.

ئەرستۆی فەیلەسوف دەربارەی ئاكار دەڵێت ( ئاكار بریتیە لە سیاسەتی دەرون و پەروەردەكرنی، بەشێوەیەك ئەو دەرونە ببێت بە خاوەنی ئەو فەزیلەتە ئینسانیەی كە مرۆڤ خاوەن فیترەتی پاك ئامانجیەتی بەدەستی بهێنێت )(ابوالیزیدوئەوانیتر، ٣٧٥:١٩٨٩). لێرەدا ئەرستۆ جەخت لەسەر پەروەردەكردنی دەرون دەكاتەوە، لەم ڕێگەیەشەوە مرۆڤ دەگات بە فیترەتی پاك كە لەو ڕێگەیەدا هەوڵ دەدات. كانتیش بڕوای وایە لە ژیانیدا دوو شت هەموو كات سەرسامی و قەشەنگی بە دەرونی بەخشیوە، كە ئەوانیش ئاسمان و ئاكارن و دەڵێت ( بە بەردەوامی دوو شت سەرسامی و قەشەنگی بە دەرون دەبەخشن: ئەو ئاسمانەی كە لە سەرومەوەیە و بە ئەستێرە ڕازاوەتەوە و ئەو یاسا ئاكاریانەی لە ناخمدایە )(ابراهیم،٥٥:١٩٩٨). ئیمامی غەزالی بەشێوەیەكی دورودرێژ باسی ئاكارمان بۆ دەكات و دەڵێت ( زۆرجار هەردوو وشەی :خەلق، خولوق: بەیەكەوە بەكاردەهێنرێت و دەوترێت فڵان كەس خەلق و خولوقی جوانە، واتە ناوەوە و ڕواڵەتی جوانە، خەلق وێنە دەرەكی و ڕواڵەتیەكەیە، خولوقیش وێنە ناوەكیەكەیە كە هەر یەكەیان وێنەیەكی تایبەت بە خۆی هەیە یان جوانن یان ناشرین )( الغزالی،٨٦:٢٠٠٨). غەزالی بەردەوام دەبێت و رونكردنەوەی زیاتر دەدات( خولوق بریتیە لە هەیئەیەكی دامەزراو لە ناو نەفسدا، كردەوەكان لەوەوە بە سوك و ئاسان بە بێ ئەوەی پێویست بە بیركردنەوە و هەڵوەستە بكات سەرچاوە دەگرن، ئەگەر ئەو كارانەی لێوەی دەرچون بە عەقڵ و شەرع، جوان و سوپاسكراو بون پێی دەوترێت ڕەوشتی جوان، بە پێچەوانەشەوە راستە، بەڵام دەبێت كارەكە بە بێ زۆر لێكردن ئەنجام بدات نەك لەبەر هۆكارێكی دەرەكی، بناغەی كاری ئەخلاقیش ناو ناخی مرۆڤە و لەوێوە بڕیار دەردەچێت و پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ كاری خێر یان شەڕ، بەلام پێوەرەكانی لە دەرەوە و لە رێگەی عەقڵ و شەرعەوە دیاری دەكرێت )(هەمان سەرچاوە: ٨٧). لێرەدا ئیمامی غەزالی باس لە بونی ئازادی دەكات لە ئەنجامدانی كارێكی باش یان بونی ئاكارێكی پەسەند، كە ئازادان و بە بێ هیچ زۆر لێكردنێك و لە هەموو كات و ساتێكدا ئاكارییانە رەفتار بكات.

ئیبن فارس دەربارەی ئاكار باس لە سەرچاوە و ئەو سروشتە دەكات كە مرۆڤی لەسەر دروستكراوە و رای وایە ( خولوق بریتیە لەو سروشت و فیترەتەی كە ئینسانی لەسەر دروست كراوە، ئەو سروشت و ئەندازەیەیە كە خاوەنەكەی بۆی دیاری كراوە یان لەسەری خەملێنراوە، وە دەگوترێ مرۆڤ لەسەر ئەو شتە بەتوانایە یان شایستەی ئەو شتەیە )(ابو الحسین، نیە :٢١٤). لەسەر وەرگرتنی رای زانایان دربارەی چەمكی ئاكار بەردەوام دەبین و دەچینە سەر بیر و رای ( راغبی ئیصفەهانی ) و كە دەربارەی ئاكار باس لە دوو جۆر بینین دەكات و دەڵێت ( وشەی خەلق تایبەت كراوە بەو شێوە و دیمەنانەوە كە بە چاو دەبینرێن، وشەی " خولوق،خولق " تایبەت كراوە بوە سروشتەوە كە بە بەصیرەت و عەقڵ دەبینرێت )(الأصفهانی،١٥٨:٢٠٠٩).

قورتوبی دەڵێت ( وشەی ئەلخولوق مانا راستەكەی بریتیە لەو ئەدەب و هەڵسوكەوتەی كە مرۆڤ لەسەر خۆی پێویستی دەكات، بۆیەش وای پێگوتراوە، چونكە دەبێت بە بەشێك لە سروشتی كەسەكە )( القرطبی، ٢٢٧:٢٠٠٦). بە پێی ئەم پێناسەیە بێت قورتوبی پێی وایە كە ئاكار بریتیە لەو ئەدەب و هەڵسوكەوتەی كە مرۆڤێك لەسەر خۆی دەیكات بە فەرمان بەسەر خۆیەوە و لەبەرئەوەش كە ئەم فەرمانە هەموو كات بونی هەیە كەواتە دەبێتە بەشێك لە سروشت و سیفاتی كەسەكە. طاهر ابن عاشور باس لە پەیوەندی نەفس و ئاكار دەكات و ڕای وایە كە ئاكار بریتیە لەو پاڵنەر و سروشتەی كە رۆدەچێتە ناو نەفس و دەبێتە پاڵنەری جا بە باش و بە خراپەوە، دەڵێت ( خولوق بریتیە لەو سروشتەی كە لە نەفسی ئینساندا رۆچوە و جێگیر بوە، دەبێتە پاڵنەرێك بۆ جۆرە كردەوەیەك كە لەگەڵیدا بگونجێت، ئینجا چاك بێت یان خراپ. ئەم سروشتە ئاكارە باشەكان دەگرێتەوە، ئاكارە خراپەكانیش دەگرێتەوە، هەر بۆیە كاتێك ئەم وشەیە واتە " خولوق " بەكاردێت نازانرێت مەبەست لە كامیانە، مەگەر قەیدێكی بخرێتە سەر و بگوترێ ئاكار و رەوشتێكی جوان یاخود پێچەوانەكەی )(التونسی،١٧١:١٩٨٤). جاحظ دەڵێت ( خولوق بریتیە لە حاڵی نەفس كە بە هۆیەوە ئینسان كردەوەكانی خۆی بە بێ بیركردنەوە و بە بێ هەڵبژاردن ئەنجام دەدات، واتە خولوق حاڵەتێكە لە مرۆڤدا جێگیر دەبێت، بۆ نمونە كەسێك بیەوێ راستی بڵێت یان بیەوێت ئەمانەت پارێزی بكات یان خۆراگر بێت، هەموو جارێ بە بێ ئەوەی بیر لەو رەوشتانە بكاتەوە وەك چۆن هەناسە دەدات، دەبینێت، دەبیستێت، بە هەمان شێوە ئەو ئاكارانەش تیایدا رۆچون و بە بێ بیرلێكردنەوە ئەنجامیان دەدات )(الجاحظ،١٢:١٩٨٩) لێرەدا جاحظ دەیەوێت پێمان بڵێت كە هەر كات مرۆڤ راستەخۆ بە بێ بیرلێكردنەوە ئاكارە پەسەند و جوانەكانی ئەنجامدا ئەوا ئاكاریانە مامەڵەی كردوە و چواندنی بۆ دەكات لەگەڵ بینین و بیست و هەناسە دان.

الجرجانی سەبارەت بە ئاكار ڕاكەی نزیكی لە راكەی جاحظەوە و ئەمیش جەخت لە بونی كۆمەڵێك یاسای ناوەكی ئاكاری دەكاتەوە كە راستەوخۆ پاڵ بە مرۆڤەوە دەنەن بۆ ئەنجامدانی كاری راست و دروست، دەڵێت ( خولوق بریتیە لە حاڵەتێكی رۆچوو لە نەفسدا كە كردەوە و رەفتارەكانی بە ئاسانی لێوە پەیدا دەبن بە بێ ئەوەی بیربكاتەوە و رابمنێت، ئینجا ئەگەر ئەو كردەوانەی لەو حاڵەتەی نەفسدا پەیدا دەبن، كردەوەی باش بن، ئەوە پێیدەگوترێت ڕەوشتێكی جوان، بە پێچەوانەشەوە پێیدەگوترێت ڕەوشتێكی خراپ )(الجرجانی،١٠٤:١٩٨٣). عبدالرحمن المیدانی بروای وایە خولوق سیفەتێكی سروشتیە و مرۆڤ دەستی لە دروست كردنیدا نیە، بەڵام دواتر ئەم سیفەتانە شوێنەوار لە رەوشت و ئاكاری مرۆڤدا دەردەخات ( خولوق بریتیە لە سیفەتێكی جێگیر لە نەفسدا، بە شێوەیەكی خوارسك بە بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی تێدا هەبوبێت، بۆ نمونە هەندێك كەس بە سروشت هێمن و ئارامە، یان هەندێكی دیكە كەم تەحەمولن و زوو توڕە دەبن )(المیدانی،٧:٢٠٠٦). لێرەدا ئەم رەفتارە سروشتیانە دەبنە پاڵنەری مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی جۆری كارەكەی، كە لە ڕوی ئاكاریەوە باش بێت یان پێچەوانەكەی. دكتۆر زەكەریا ئیبراهیم دەڵێت ( ئەگەر زۆرێك لە فەیلەسوفەكان ئاكاریان وەك ئەو زانستە پێوەرییەی كە رەفتاری چاك یان ئەوەی پێویستە ببێت دیاری كردوە و وێنا كردوە، ئەوە ئەركی سەرشانمانە

ئەوەش بڵێین کە ئاکار فەلسەفەیەکی زانستیە و مەلەکوتی بەهاکان لەبەردەم مرۆڤدا دەکاتەوە )(ابراهیم،١٩٩٨:١٣) ئەم پێناسەکردنە باس لەوە دەکات لە پاڵ بونی ئاکار وەك زانست، ئەوا ئاکاریشمان هەیە کە لەگەڵ جێبەجێکردنیدا ئیتر مرۆڤ دەگۆڕیت و نزیك دەبێتەوە لەو دنیایەی کە هەموی بریتیە لە بەها و نرخ پێدان. لە کۆتای ئەم پێناسەکردنانەدا بیروڕای د صادق جلال العظم دەخەینە روو سەبارەت بە وشەی ئاکار، کە دابەشی دەکات بە سەر سێ خاڵ و لێرەدا دەیخەینەڕو (وشەی ئاکار لایەنی کەم سێ مانای هەڵگرتوە:

**یەکەم/** ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك تەسەورات و ئەحکام و مەشاعیر و هەڵوێستگەلی پەیوەست بەو ماف و ئەرکانەی خەڵك پەسەندیان کردون و بەشێوەیکی گشتی ڕێزیان لێدەگرن لە کات و کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا، بەم کۆمەڵە شتە دەوترێت روداوە ئاکارییەکان.

**دووەم/** ئاماژەیە بەو زانستەی کە لەم روداوە ئاکاریانە دەکۆڵێتەوە، ئاماژەیە بۆ میتۆد و ڕێگەیەك بۆ دیراسەکردنی روداوە ئاکارییەکان یان کۆمەڵایەتیەکان، لەبەرئەوە دەکرێ ناوبنرێ زانستی روداوە کۆمەڵایەتیەکان.

**سێیەم/** ئاماژەیە بۆ ئەو زانستەی کە ئەو بنەمایانە دیاری دەکات، دەبێت مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کاری خێر و خۆ لادان لە شەڕ پەیڕەوییان لێبکات، ئەم مانایە زیاتر لای فەیلەسوف گرنگە.)(العظم،١٩٧٤:١١٩).

بەدرێژایی ئەم توێژینەوەیە توێژەر ئەو پێناسەیەی کە جاحظ بۆ ئاکاری کردوە دەکاتە پێوەر، کە پێی وایە ئاکار و ڕەفتاری ئاکاریانە بریتیە لە ئەنجامدانی کاری باش بە بیرلێکردنەوە و ئەنجامدانی کە هەندێك زانای تر ناویان ناوە مەلەکە.

**تەوەری دووەم/ ئاکار لە ڕوانگەی ئاینە ئیبراهیمیەکانەوە( ئیسلام، مەسیحیەت، یەهودیەت ):**

باس کردنی ئاکار لە ئایندا دەبێتە بەشی دوەمی ئەم تەوەرە، کە مەبەست لێی باسکردنی ئاکارە لە دیدوتێڕوانینی ئەم ئاینانەدا بەشێوەیەکی کورت و پوخت، چونکە باسکردن لە ئاکار لەم ئاینانەدا بەشێوەیەکی دورودرێژ نە کاری ئەم نامەیە نەکارێکی کردەنیە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێت بە کورتی باسی لێوە بکرێت، دەبێت ئەوەش بزانرێت ئەم توێژینەوەیە باس لە ئاکار دەکات بەشێوەیەکی گشتی، لە ناو ئاینی ئیسلامدا لە رویەکی دیاری کراوەوە. بەم پێیە ئاکار لەم ئاییننانەدا دابەش دەکەینە سەر سێ بەش:

**أ/ ئیسلام:**

ئیسلام تەنها دینی ئایینداری نییە، بەڵکو بەرنامەیەکە بۆ ژیان، ڕێگەیەکە بۆ بیرکردنەوە، شێوازی مامەڵە و ژیانە لەسەر بنەمای باوەڕێکی جێگیر، ئامانجی یەکەمیشی ئامادەکردنی هاوڵاتیەکی باشە لە ڕێگەی چاندنی رەوشتی باش لە دەرونیدا، لە ڕێگەیەوە پەروەردە ئەنجام دەدرێت.(محمد،٢٠١٩:٢٠٤) بە بڕوای پشتگیریکاران و پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلام، مانەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەندروست دەوەستێتە سەر بیروباوەڕی ئیسلامی و ئەخلاقێك لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە دامەزراوە ( هەندێك لە زانایان رەگەزی ئەخلاقی لە سیستەمی ئیسلامیدا بە رەگەزێکی بنەڕەتی و رەسەن لە پەروەردەکردنی تاك و دروستکردنی خێزان و بنیاتنانی کۆمەڵگە و تەنانەت دەوڵەت و پەیوەندیەکانی لەگەڵ تاکەکانی و دەوڵەتانی تر لە ئاشتی و جەنگدا دادەنێن، چونکە ئاکاری بەرز تاکە زامنی بەهێزە بۆ پاراستنی هەر کۆمەڵگەیەك لە لادان و هەر دەوڵەتێك لە ستەم و هەر شارستانیەتێك لە گەندەڵی )(غەفور،٢٠٠٢:٥١). ( لە ئیسلامدا ئاکار ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك بنەما و رێسای رێکخراو بۆ رەفتاری ئینسان، کە لە رێگەی سروشەوە رێکخراوە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی مرۆڤی لەسەر دروستکراوە، ئەم سیستەمە ئاکارییەی ئیسلامیش جیدەکرێتەوە بەوەی رویەکی ئیلاهی هەیە و لە لایەن خوداوە دارێژراوە ) (عزام،١٩٨٦:١٥) نوسەر باس لەوە دەکات کە لە ئیسلامدا سروش لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ هاتوە و لەنێو ئەم سروش و وەحیەشدا ئاکار بنچینەیەکی گرنگ و جێبایەخی دینە، کە هاوکاری مرۆڤ دەکات بۆ گەشتن بە ئامانجی دروستبونی، کە باش بون و بە ئاکاری بونیەتی. کاری لە پێشینە و راستەقینەی مرۆڤ بریتیە لەوەی تەنها خۆی ئاکاریانە بژی یان یارمەتی ئەوانی تریش بدات تا بگەن بە کەماڵ؟( کاری راستەقینەی ئاکار لە ئیسلامدا ئەوەیە مرۆڤ بە دڵنیابون لە کەماڵی تاکە کەسی خۆی وازنەهێنێت، بەڵکو یارمەتی کەسانی تریش بدات لەم ژیانەدا بەدوای کەماڵی یەکجارەکیەوە بن )(مەودودی،٢٠١٥:٦٣). بە وردبونەوە لە قورئان کە کەلامی خودایە، لە ڕێگەیەوە فەرمانەکانی خودای بۆ مرۆڤایەتی ناردوە دەبینین ئاکار بە مانای کردەوەی باش دێت، کردەوەیەك لە ئیمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئیمانی مرۆڤی ئیماندار بەستراوەتەوە بە کردەوەی چاکەوە، وەك خودا لە چەندین ئایەتدا دەفەرموێت: ( من عمل صالحا من زکر أو أنثی و هو مومن فلنحیینه حیاه طیبه .... )(النحل،١٦:٩٧)واتە ( هەر کەسێك لە نێر یان مێ هەر کارێکی چاك ئەنجام بدات بە ئیمان و باوەرداریش بێت، بەڵێن بێت بیژێنین بە ژیانێکی پاك ... )(مەحمود،٢٠١٢:٤٥٥)، یان ( و أما من أمن و عمل صالحا فله و جزاء الحسنی )(الکهف،١٨:٨٨) واتە ( هەر کەس ئیمانی هێنا وە کردەوەی چاکی کرد ئەوا پاداشتی زۆر باشی بۆ دەبێت.(القطب،٢٠٢٠:٥٣٠). یان ( الا من تاب و امن و عمل صالحا فأولئك یدخولون الجنه ... )( مریم،١٩:٦٠) واتە ( ئەوانەی تەوبە دەکەن و ئیمان دەهێنن و کردەوەی چاك دەکەن، ئەمانە دەچنە بەهەشتەوە .... )(مەحمود،٢٠١٢:٥١٠).

بەسەرنجدان لەوەی وترا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئاکار جەوهەری ئیسلامە، بە مانا فراوانەکەشی رەحمەتە بۆ گشت خەڵکی نەك مرۆڤێکی دیاریکراو یان گەلێك یان کۆمەڵێکی تایبەت. سەرچاوەکانی ئاکار لە ئیسلامدا دابەش دەبنە سەر سێ بەش کە هەریەکەیان لە چەندین روانگەی جیاوازەوە باسی لێوەدەکەن، لەبەر درێژ نەبونەوەی بابەتەکە و دورنەکەوتنەوە لە مەبەستی سەرەکی تەنها دەیانژمێرین، ئەوانیش: ( قورئانی پیرۆز، فەرمودەکانی پێغەمبەر، ویژدان و ژیری )(محمد،٢٠١٩:٢٠٧).

**ب/ مەسیحیەت:**

ئاکاری مەسیحی لقێکە لە ئیلاهیاتی مەسیحی کە بە پشت بەستن بە ئیلهام و کەشفکردنی ئیلاهی، هەڵدەستێت بە پێناسەکردن و دیاریکردنی رەفتارە دروستەکان( فضائل ) و نادروستەکان ( رزایل ) لە دیدگای مەسیحیەوە. لە ئیلاهیاتی ئاکاردا سەرچاوە گەلی جیاواز بەکاردەهێنرێت، لە کۆی ئەو بەرهەم و نوسینانەی ئاکاری مەسیحی چوار سەرچاوەی جیاواز بەکارهێنراوە ( پەرتوکی پیرۆز و سوننەتی مەسیحی، بنەما و شێوازە فەلسەفیەکان، زانستە ئەزمونی و مەعریفیەکانی تری مرۆڤ، ئەزمونی گشتی مرۆڤ ). هەموو زانایانی ئاکاری مەسیحی پەرتوکی پیرۆز، سوننەت و

ڕێنماییەکانی کڵێسا بە ناونیشانی سەرچاوە خوداییەکان قبوڵ دەکەن، بەڵام لەسەر چۆنێتی پەیوەندیەکانی ئەم سەرچاوە وەحییانانە لەگەڵ یەکتر و هەروەها لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە بەکاردەهێنرێت لە ئاکاری مەسیحیدا بۆچونیان جیاوازە. سێ مەزهەبی دیاری مەسیحی ( کاسۆلیك، ئەرسەدۆکسی ڕۆژهەڵات، پرۆتستان )، هەروەها ئەو سوننەتە ئاکاریانەی پەیوەست پێیانەوە، لە پێودانگی جەخت کردنەوە لەسەر ئەم سەرچاوانە هەریەکەیان بۆچونی تایبەتی خۆیان هەیە، هەرچەندە لە روی دیدگاوە هەر سێ مەزهەبەکە گرنگی تایبەت و سەرەکی بە پەرتوکی پیرۆز دەدەن، بەڵام لە بارەی ئەوەی پەرتوکی پیرۆز بە چ پێودانگێك و چۆن دەبێت سودی لێببینرێت هاوڕانین. لە بارەی سوننەتەوە، گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، بەتایبەت لە سوننەتی ئەرسەدۆکسی ڕۆژهەڵاتی جەخت لە ڕێنماییەکانی سەردەمی باوکان و هەروەها ئەنجومەکانی ئەو سەردەمە دەکرێتەوە. ڕێنمایی کڵێسایی دروست و بە بەڵگە شێوەیەکی تایبەتی سوننەتە کە لە ئەنجومەنەکانی کڵێسادا بەدیدەکرێت. سەرەڕای ئەوەی هاوڕای لەسەر سەرچاوە ئیلهامیەکان هەیە، بەڵام ئاکاری مەسیحی هەمیشە دەرگیری ئەو مەسەلەیە بوە کە ئایا دەتوانرێت سروشتی مرۆڤ، عەقڵی مرۆڤ و ئەزمونی مرۆڤ وەکو سەرچاوە گەلێك بۆ ئاوەزی ئاکاری و زانستی ئاکاری پشتیان پێبەسترێت. کڵێسای کاتۆلیك جەختی لەسەر یاسای سروشتی کردوەتەوە، کە لەسەر توانای عەقڵی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە زانستی ئاکار ڕاوەستاوە. پرۆتستان سەبارەت بە شایستەیی پشت بەستن بە عەقڵ و ئەزمونی مرۆڤ لە گەیشتن بە زانستی ئاکار بە گومان بوون، ئەگەر چی ئەمڕۆ زۆربەی زانایانی ئاکاری ئەم مەزهەبە ڕۆڵی گەورە یان بە لایەنی کەمەوە ڕۆڵی ناوەنجی بە عەقڵی مرۆڤ دەدەن.(فضل،١٣٩٣:لینك)

**یەکەم/ ئاکاری کاتۆلیکی لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی هاوچەرخدا:** لە سەدەی سیازدەهەم، تۆماس ئەکوینی و بیریارانی تری ئەو سەردەمە تیۆریای چوار فەزیلەتی سەرەکییان ( دادپەروەری، جوامێری، ناوەندگەری، پارێز ) لە ئەفلاتۆنەوە وەرگرت و سێ فەزیلەتی ( ئیمان، ئومێد، چاکسازی )یان بۆ زیادکرد، ئەم فەزیلەتانە بە حەوت فەزیلەتەکە ناسراون، لە بەرامبەر ئەمانەدا حەوت گوناهی گەورە لە ئاکاری مەسیحیدا خرایەڕوو، ئەو حەوت گوناهەش بریتین لە ( لە خۆبایی بوون، تەماح، شەهوەت، ئیرەیی، سکپەرستی، توڕەیی، تەمەڵی )، هۆکاری بەرجەستەکردنی ئەم حەوت گوناهە تەنها ئەوە نیە ئەم گوناهانە لە ڕێ دەرچونێکی گەورەن لە یاسای ئاکاریدا، بەڵکو هۆکاری ئەوەیە ئەم گوناهانە سەرەتای هەموو گوناهەکانی ترن. لەو سەردەمەدا فەلسەفە و ئیلاهیات ( زانستی تیۆلۆجی )ی مەسیحی بە سوود بردن لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ، تا ئەو کاتە لە ئیلاهیاتی مەسیحدا نەناسراو بوو، گەشەی کرد و فراوانبونی بە خۆیەوە بینی. نوسینەکانی کەسانی وەکو ئەلبێرتی گەورە، تۆماس ئەکوینی، بوناونترا و دانس ئیسکوتوس، یارمەتیەکی شایستەیان بە گەشەکردنی فەلسەفەی مەسیحی بەتایبەت ( ئیسکۆلاستیك ) دا. هەروەها ئاکاری مەسیحی چارەنوسی هاوشێوەی فەلسەفەی مەسیحی بوو، ڕەنگی فەلسەفەی گرت. ئاکیونی لە شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی نوسینە ئاکاریەکانی ئەرستۆدا لێکۆڵینەوەی بۆ بابەتە ئاکاریەکان بە شێوازی فەلسەفی دەکرد.

زۆربەی ئیلاهی زانان و بیریارانی کاسۆلیکی لە سەردەمەکانی دواتردا، بۆچون و دیدگای خۆیان لەسەر بونیادێك دادەڕشت، کە ئەکیونی لەم بابەتەدا دایهێنابوو. لە کتێبی ( کۆباسی ئیلاهیاتی ) ئەکیونی، ئاکاری لە ناو پێکهاتەی ئیلاهیات ( زانستی تیۆلۆجی ) دادەنا، بۆ نمونە: لە بارەی کڕین و فرۆشتنەوە دەڵێت ( ئەگەر چی گرانفرۆشی بە پێی یاساکانی مرۆڤ ڕێگەپێدراوبێت، بەڵام یاسای خودایی ( شتێك پێچەوانەی فەزیلەتەکان بێت بە بێ سزا نەیهێشتوەتەوە ). لە لای ئەکیونی تێگەیشتنی مرۆڤ لە مەسەلە ئاکاریەکان پێگەیەکی گرنگی هەبوو، بڕوای وابوو بیرکردنەوە لە بارەی مەیلە سروشتیەکانی مرۆڤ هەندێ یاسا ئاشکرا دەکات کە ناوی نابوو ( یاسای سروشتی ). ئەم یاسایانە ( بەشداری مرۆڤە لە یاسا ئیلاهیەکان )( جەیمس و جۆن،١٩٨٦:٨٨ )

**دووەم/ ئاکاری ئەرسەدۆکسی:** خاڵی جیاوازی ئەرسەدۆکسی هەم لە بەشە یۆنانینەکەی هەم لە بەشە روسیەکەی، لە ئاکاری مەزهەبەکانی تری مەسیحی جەخت کردنەوەیە لەسەر سوننەت، بە تایبەت ڕێنمایی و فێرکاریەکانی باوکانی کڵێسا کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی مەعریفی ئاکاری دادەنرێت. تایبەتمەندی سەرەکی ئاکاری ئەرسەدۆکسی پەیوەندی ئەو ئاکارەیە بە مەعنەویەتەوە، لەم سوننەتەدا ئامانج لە ژیانی ئاکاری ( هاوشێوەی خودابوونە ) ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە جوانناسی و نزایە. نزا لەگەڵ قوڵبونەوە و بیرکردنەوە، بەشێکە لەو هەوڵانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیە. ئەم ئەکارە کەماڵ گەرایە داوا لە ئیمانداران دەکات تا پەیوەست بوون بە ژیانی خودایی لەو ژیانە قوڵتر ببنەوە.

لە سوننەتی ئەرسەدۆکسیدا سەبارەت بەوەی کە یاسای سروشتی دەتوانێت سەرچاوەیەك بێت بۆ مەعریفەی ئاکاری رای جیاواز هەیە. وا دەردەکەوێت مشتومڕەکانی ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیکی بە درێژایی مێژوو کاری کردوەتە سەر جۆری روانینی ئەرسەدۆکسیەکان و ڕێنماییەکانی یاسای سروشتی.(هەمان سەرچاوە، ٤٣٥-٤٣٦)

**سێیەم/ ئاکاری پرۆتستانی:** پرۆتستانەکان کە دژی هەژمونی پاپا و ریزبەندی ئاستەکانی کڵێسا بوون، بڕەویان بە بیرۆکەی ( قەشەبونی هەموان )دا، لە لایەکی ترەوە بە دروشمی ( تەنها پەرتوکی پیرۆز ) سوننەتی کڵێسایان وەلاناو لە هەلومەرجێکی وادا زۆربەیان هەوڵیاندا تا سیستەمێکی ئاکاری بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ لە پەرتوکی پیرۆز دەربهێنن، دواجار لە نێوان پرۆتستانەکان فرەیی لە بیروبۆچون و فرە ئاراستەیی لە ئاکاردا دەبینین. جەختکردنەوەی پرۆتستانیزم بە گرنگیدان و لە پێشاندانی پەرتوکی پیرۆز و وازهێنان لە سوننەتی کڵێسایی، خاڵی جیاوازی ئەم مەزهەبەیە لە دوو ئاینزاکەی تری کاسۆلیکی و ئەرسەدۆکس. ئاکرای پرۆتستانی بە ( ئاکاری ئیلاهی ) وەسفکراوە، چونکە پرۆتستانەکان لە بواری ئاکاردا زیاتر پشتیان بە پەرتوکی پیرۆز بەستوە و لە بارەی کردار و ڕەفتارەکانەوە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی وردی فەلسەفی نەداوە.

بە گشتی پرۆتستانەکان بەراورد بەکاسۆلیکیەکان گرنگی زیاتر بە ڕەهەندە ئیلاهیاتەکەی ئاکاری مەسیحی دەدەن، بڕوایان وایە ئاکاری مەسیحی ئامانجی ئەوەیە لەم جیهانەدا لە ژێر ڕۆشنایی یاسای سروشتی لە ژیانی ئاکاری تێبگەن. لە کاتێکدا پرۆتستانەکان بە گشتی ژیانی ئاکاریان پەیوەست لەگەڵ پەرتوکی پیرۆز و ئاڵۆزییەکانی ئیلاهیاتی لەم جیهانەدا تێدەگەن. بۆ نمونە

ئاكاری پرۆتستانی زیاتر بە دیدگای ئیلاهیاتیەوە گوناە بە هۆكاری نەبونی ئیمان دەزانن، لە كاتێكدا كاتۆلیكەكان زیاتر گوناە بە چەند رەفتارێك دەزانن كە لە روی ئاكاریەوە هەڵەن.( فضل،١٣٩٣:لینك)

**ج/ یەهودییەت:**

ئەخلاق جەوهەری یەهودیەتە، بەڵام بە پێی ئەو كێشانەی كە لە بابەتی ئاكاری یەهودیەتدا خراوەتەڕو، بەدەستهێنانی پێناسەیەكی گشتگیر شتێكی مەحاڵە. بەم جۆرە كۆگایەكی فراوان و پڕ بەها بوونی هەیە، كە بە ( ئاكاری یەهودی ) ناسراوە. لەسەرەتادا بنەماكانی ئاكاری یەهودی لە دە فەرمانی حەزرەتی موسادا دەركەوتبوو. دواتر لە یاساكانی شەریعەتی تەوراتدا لە پەرتوكە پیرۆزە عیبریەكان فراوانبوو. پاش ئەوە پێغەمبەرانی عیبرانی هەستان بە رەخنە و لێكۆلینەوەی، جارێكی تر لە یاسا سەرزارەكیەكانی ( میشنا ) فراوان بوو، دواتریش لە ( گۆمارا و میدراش ) بەش بەش كراوە و شیكراوەتەوە. لە سەدەكانی ناوەڕاست و مۆدێرن دیسان بە دەستەواژە فەلسەفی و عیرفانیەكان شرۆڤەكراوەتەوە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم مەسەلەیە ئاسەوار و نوسراوە ئاكاریەكانی یەهودی بە شێوەیەكی گشتی دابەش دەبن بەسەر چوار گروپی سەرەكیدا ( تەوراتی، حاخامی، سەدەكانی ناوین، مۆدێرن ). ئاكاری كۆمەڵایەتی جێگایەكی تایبەتی لە یەهودیەت و پەرتوكی پیرۆز و تەلموددا هەیە. هەندێ لە رێنماییە ئاكاریە كۆمەڵایەتیەكانی یەهود پێكدێت لە ( هاوسۆزی بۆ هاوچەشن، خاكەڕایی و خۆبەكەم زانی، هاوكاری هەژاران و دەستكورتان، دادپەروەری و چاكەكاری، بە پیرۆز زانینی ژیان، ناوەندگیری و میانڕەوی، لێبوردەیی و لێخۆشبوون جگە لە ئاكار، فەلسەفەی ئاكاریش پێگەیەكی تایبەتی لە یەهودیەتدا هەیە كە كار لە هەندێ كاروباری بونیادنانەوەی ئاكار وەكو كەماڵی ئاكاری دەكات )( علی خانی،١٣٨٩:٦٥) خستنەڕوی بابەتی ئاكاری یەهودی هەندێ مەسەلە و كێشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەندێكیان بەشێكی دانەبڕا و پێویستی خودی هەموو جۆرە قوتابخانەیەكی ئاكاریە و هەندێكی تر تەنها لە ئاكاری یەهودیدا بوونیان هەیە. بابەتی رەفتاری مرۆڤەكان ( تایبەت بە بابەتە ئاكاریەكان ) لەم ئایینەدا گرنگیەكی بنەڕەتی هەیە، بەڵام بە بەڵگەی بوونی شێوازە جۆراوجۆرەكانی ئاینی یەهود، بێگومان بەدەستهێنانی پێناسەیەكی گشتگیر بۆ ئاكاری یەهودی مومكین نیە.

ئاینی یەهودی ئاینیەكە ئامانج و ئاراستەكەی لە بنەڕەتدا گەیاندنی مرۆڤە بە كەماڵی كرداری لەم دونیایەدا. روخساری واقعیی و بەرجەستەیی ئەم مەیلە بۆ كردار لە كۆمەڵێك پابەندبوون و یاسای ئاكاریدا دەركەوتوە، بە پێی تەورات بە ناوی هیلاخا یان شەریعەتی یەهودی ناسراوە. هەرچەندە بەشێكی زۆری هیلاخا پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە كە ئەمرۆ بە ناوی سروتە پەرستشەكان ناسراون. هیلاخا یاسا مەدەنی و سزایی و ئەخلاقیەكانیشی تێدایە. بە هیچ شێوەیەك بەشی ئاكار لە هیلاخادا لە بەشەكانی تر جیاناكرێتەوە و دیاریناكرێت، بەڵكو بە لایەنی كەمەوە لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا سەیر دەكرێت و وەكو بەشەكانی تری تەورات دروستی و هەبونی خۆی لە رێنماییە خوداییەكانەوە بەدەست دەهێنێت.( ایزیدور،١٣٨٥:٤٨)

بە پێی شێوازی ئایزیا تیشی و جۆزیف دان ئاسەوارە نوسراوەكانی ئاكاری یەهودی بۆ چوار گروپی سەرەكی دابەش دەكەن كە ئەوانیش ( تەوراتی، حاخامی، سەدەكانی ناوەراست، مۆدێرن )ن، بە كورتی باس لە هەر یەكەیان دەكەین:(ایزیدور،١٣٨٥:٦٣) (بۆش و ئەوانی دیكە،١٣٧٤:٣٧)(راب،١٣٥٠:٨٤)

**یەكەم/ ئاكاری تەوراتی:** هەندێك لە زانایانی سەردەم وەكو ئیسرائیل ئەفرۆس و شوبەرت سپیرو لەسەر ئەو باوەڕەن كە لە پەرتوكی پیرۆزی عیبری بەشی جیاواز و تایبەت بە كردارە مرۆییەكان كە ئێمە پێی دەڵێیین ( ئەخلاقیات ) بە تەواوی گرنگی پێدراوە. هیگڵ لەو باوەڕەدایە كە داخوازیە ئاكاریەكان لە بەڕەتدا تەوراتین. لە وتەكانی زانایانی یەهودی سەبارەت بە ئاكاریانە ژیان دوو تایبەتمەندی هەیە:

**یەكەم/** بنیاد و بنەچەی ئاكار دەستوری ئیلاهیە.

**دووەم/** ئاكاری ژیان بە مانای هاوتا بوونی ئاكاری مرۆڤە لەگەڵ سیفەتەكانی خودادا.

لەو روەوەی كە مرۆڤ لەسەر شێوەی خودا دروست كراوە، بەدەستهێنانی باڵاترین پلەی مومكین لە تەواوكاری خودناسی لەوەدایە كە خود تا سنوری توانا هاوشێوەی خودا بێت. ئەم قسەیە دەكرێت بە پوختەی گرنگترین و تایبەتترین بنەڕەتی ئاكاری تەورات، واتە لاسایكردنەوەی خودا بزانرێت. لە چەندین ئایەتی تەوراتدا ئاماژە بەم بنەمایەی ئاكار كراوە، هەر بە نمونە ( پیرۆز بن، چونكە من خودای یەهوە، خودای ئێوە پاك و پیرۆزم ). ئەم ئایەتە باسی دوو خاڵی گرنگ دەكات، یەكێك موقەدەس و پاك بوونی مرۆڤە بە بەڵگەی موقەدەس بونی خودا، ئەوی تریان گرنگی هەنگاونان بە رێگەی خودا و پەیڕەوی لێكردنیەتی.

**دووەم/ ئاكاری حاخامی:** كۆمەڵێك بەرهەمی حاخامەكان هەیە كە لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی بابەتێك نوسراونەتەوە، تەنانەت بەراورد بە پەرتوكی پیرۆز قەبارەیەكی فراوانتر دەگرێتەوە. ئەو بابەتەش پێكدێت لەوەی كە چۆن لەسەر مرۆڤ پێویستە بە جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خودا، خۆی پاك بكاتەوە و لە رێگەی خودادا هەنگاو بنێت. حاخامەكان بە نوسینی بەرهەمێكی فراوان و شرۆڤەكردنی چەندین یاسا بە شێوەیەكی دوور و درێژ، لە پێناو كۆنترۆڵكردنی رەهەندەكانی رەفتاری مرۆیی وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، ئەو نوسینانەی كە زیاتر لە بواری ئاكاردایە و بابەتەكانی ئاكارین، ناوی هیلاخایان لێناوە، هەرچەندە ئەو نوسینانە تەنها لە ئاكاردا سنوردار نابن. بەهەر حاڵ حاخامەكانی میشنا و تەلمود بە باشی ئاگاداری كەم و كورتی و بەس نەبونی بەدیهێنانی یاسا تایبەتەكان بوون بۆ وەڵامدانەوەی هەموو كێشە ئاكاریەكان، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە گەڕاونەتەوە بۆ بەشێكی فراوانی یاسا و حوكمەكانی پەرتوكی پیرۆز. حوكمی وەك ( ئەوەی لە لای خودا چاكە و دروستە ئەوە ئەنجام بدەن )، هەروەها ئەوان بە پێی بیرۆكەیەك ئەنجامدانی كرداری دژوارتر لەوەی لە شەریعەتدا هاتوە بۆ بەدەستهێنانی ئیرادەی خودا بە گرنگ وەسفیان كردوە. ئامانجی ئەوان ئەوە بوو كە یەهودییەكان بۆ ئەنجامدانی كردارە ئاكاریە رێگەپێدراوەكان ئاڕاستە بكەن، پاساویان ئەوە بوو كە مرۆڤ هیچ كات ناتوانێت بە لاسایكردنەوەی خودا بەشێوەیەكی تەواو ئەركی خۆی جێبەجێ بكات.

**سێیەم/ ئاكاری سەدەكانی ناوەڕاست:** یەكەمین بەرهەمی ئاكاری یەهودی لە سەدەكانی ناوەڕاستدا لە ژێر كاریگەری بیركردنەوەی فەلسەفەی یۆنانی بەدیهات، لە رێگەی وەرگێڕانی عەرەبی و لە لایەن موسوڵمانانەوە بە

ئەندێشەی یەهودی گەیشتبوو. لە راستیدا یەهودیەکان دیدگا ئاکارییەکانی خۆیان دووبارە بە شێوەی سیستماتیکی عەقڵانی و تەنانەت زانستی دارِشتەوە. ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێ لە نوسینی ئاکاری تیۆری و کرداری، دیدگای دوفاقیان هەبوو. هەندێك لە فەیلەسوفەکانی یەهودی لە سەدەکانی ناوەڕاست وەك سەعدیا گاون و سلێمانی کوڕی جەبرون رێسای سیستماتیکیان بۆ دیدگا ئاکاریەکانی یەهود بەدیهێناوە. بابەتە ئاکارییەکان لەم سەردەمەدا لە ناو کارە ئەدەبیەکان وەکو دەق فەلسەفی و عیرفانی و ئامۆژگاری و وتار و وەسێت و نامە و چیرۆك و حیکایەتەکان و دەق شیعری و شرۆڤەکانی پەرتوکی پیرۆز و میشینا و نامیلکەکانی رەفتارە ئاکارییەکان، وەك و بابەتی پەروەردە و فێرکردن هاتوون.

**چوارەم/ ئاکاری نوێ (مۆدێرن ):** زانایانی ئاکاری یەهود لە سەردەمی نوێدا خاوەنی دوو بۆچونی سەرەکین، یەکەم دیدگای ئەو کەسانەی کە تا سنورێکی زۆر لەسەر سوننەت و بەهاکانی سەردەمی پێش مۆدێرن جەخت دەکەنەوە و خوازیاری بەردەوام بونی ئەو بەهایانەن. لە دید و تێڕوانینی دووەمدا ( جوڵانەوەی موسار) دەبینین رەبی ئیسرائیل سالانتر ( ١٨١٠-١٨٨٣ ) نوسەری کتێبی روناکی ئیسرائیل لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم جموجۆڵەی بەرپاکردوە، لە بەرامبەر ئەم جوڵانەوەیەدا مەیلێك بونی هەیە کە کاریگەرە بەسەردەمی رۆشنگەری. تا پێش ساڵی ١٧٨٩ لە ئەوروپا و ماوەیەك دوای ئەوەش لە جیهانی ئیسلامیدا، یەهودییەکان بە هیچ شێوەیەك رێگەیان پێنەدەدرا بەشداری لە کاری کلتوری و چاکسازی لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا بکەن. لە دوای ئەو هەموو ساڵە کاتێك رێگەیان پێدرا ئەم کارانە بکەن، بەشەوقەوە پێشوازیان لێکرد. بۆیە فەزای کراوەی کلتوری و بەشداربوونی زیادی خەڵك لە کاروباری رۆشنبیری و کلتوریدا یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی یەهودیەتی هاوچەرخە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستی جیا دەکاتەوە. تایبەتمەندی جیاکەرەوەی تریش ئەوەیە، ئەم سەردەمە شێوازێك هاتە کایەوە کە لەسەر بنەمای ئەم شێوازە ئەم ئاینە بۆ چەند جموجۆڵێك و چەند دیدگایەکی جیاواز یان چەند گروپێکی جیاواز گۆراوە، کە ئەگەر لەسەر هەندێ مەسەلە و بۆچون دیدگای جۆراوجۆریان هەبوایە بەڵام هەمویان بە ئاڕاستەی بۆچونێك یان بیروڕایەك دەچون، ئەمەش پێچەوانەی فرەیی و پلۆرالیزمی سەرەتاکانی ئاینی یەهودی بوو.

**تەوەری سێیەم/ ئاکار لە روانگەی فەلسەفیەوە:**

( سوکرات لە کتێبی کۆماری ئەفلاتۆندا دەڵێت ( ئێمە لەسەر بابەتێکی بچوك قسە ناکەین، بەڵکو ئێمە خەریکی گفتوگۆکردنین لەسەر ئەوەی کە دەبێت چۆن بژین ).( رەیچڵس،٢٠٢١:٢١) فەلسەفەی ئاکار هەوڵدانە بۆ بەدەستخستنی تێگەیشتنێکی سیستماتیکیانە لە سروشت و چییەتی ئاکار کە دەیخاتە سەرشانمان یان بە قسەی سوکرات بریتیە لە پرسیاری ئەوەی کە ئێمە دەبێت چۆن بژین و وە بۆ چیش بژین. ( فەلسەفەی ئاکار لقێکە لە فەلسەفە، بەدوای پرسیارەکانی زانستی ئاکارەوەیە، لەوانە راستی و ناڕاستی، خێر و شەڕ، دوبارە ناسینەوەی فەزیلەتەکان، کە ئەمانە بابەتە بنچینەییەکانی ئاکار پێکدەهێنن ).(گنسلر،١٣٨٧:٣٠) (فەلسەفەی ئاکار بە بێ لە بەرچاوگرتنی رۆڵ و گرنگیەکەی وە ئەو پرسیارانەی کە لە مەجالی فەلسەفیدا دەیکات ناتوانرێت تێگەیشتنێکی تەواو لە ئاکار و ئەخلاقیات بە دەست بهێنین. گەر بمانەوێت بەشێوەیەکی خێرا سەیرێکی ئەو فەیلەسوفانە بکەین کە لە مەجالی فەلسەفەدا نوسیویانە، ئەوا لە ئەفلاتۆنەوە دەستپێدەکات ئەویش نوسین گەلێکی زۆری لەم بوارەدا هەیە کە هەندێ لەم نوسراوانە لەسەر ئاکارن، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی رێگەی ئەم جۆرە لە فەلسەفە لە سەر دەستی ئەرستۆ بە کتێبی ( ئاکاری نیکۆماخۆس ) دەستی پێکرد، کە دەستپێکی مێژوی ئەم جۆرەی فەلسەفەیە، لە دوای ئەویش ئەپیکۆریەکان و رەواقیەکان، تا دوای هاتنی عیسا، ئاکار رێگەیەکی تری بە خۆوە گرت، ئاگۆستین یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی ئەم فەلسەفەیە بوو.

دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا فەلسەفەی ئاکار گەشەی کردوو بەڵام تەنها لە چوارچێوەی ئاکاری مەسیحیدا دەچوە پێشەوە و دیارترین فەیلەسوفی ئەم سەردەمەش ( تۆماس ئەکیوناس ) بوو. لە سەردەمی رێنسانسدا سپینۆزا بە پێشەنگی فەیلەسوفانی ئاکار دادەنرێت، ئینجا لە سەردەمی رۆشنگەریدا ( ئیمانوئیل کانت ) دەرکەوت کە ئەو مەفهومەی ئێستا بۆ فەلسەفەی ئاکار هەیە ئەم داینا، لە دوای کانتیش ( جۆنسن و شۆپنهاوەر ) هێندەی تر لەم بوارەدا ورد بونەوە. ئەم رێگەیە تا سەدەی بیستەم و ئەم کاتەی ئێستاش درێژ بوەتەوە ).(هولمز،٢٠٢١:٢٨) ( بەشەکانی فەلسەفەی ئاکار بەشێوەیەکی گشتی لای فەیلەسوفەکانی ئەم بوارە پێك دێن لە سێ بەش)( (غەریب،٩-١١-٢٠١١:١١):

**أ/ بان ئاکار ( میتا ئاکار ):** ئەم بەشە تیۆریایی ترین بەشی فەلسەفەی ئاکارە، وەڵامی پرسیار گەلی وەك ( ئاکار بۆ، ئاکار چیە، بۆ من بە ئاکار بم ) دەداتەوە. ئەم بەشە لێکۆڵینەوە لە پێنج بەش دەکات:

١- خودی فەلسەفەی ئاکار چیە؟
٢- چەمکەکانی ئاکار چین، چاکە چیە و خراپە چیە؟ خێر و شەڕ چیە؟
٣- دانەری ئاکاری کێیە، کێ ئاکار دادەنات؟
٤- ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە کاری ئاکاری کێیە؟
٥- زەمینە و سەرچاوەی ئاکاری، یان زەمینەی ئاکاری چیە و شتە ئاکارییەکان چۆن دەبنە شتی کردەیی.(فنایی،١٣٨٤:١٦)

**ب/ ئاکاری رێنوێنیکار:** ئەم بەشە دەکۆڵێتەوە لەوەی دەبێت و نابێتەکانی ئاکار چین، دەبێت چی بکەین و چی نەکەین؟

**ج/ ئاکاری پەسنی ( ستایش ):** بریتیە لەو جۆرە ئاکارەی لە ناو کۆمەڵگادا بونی هەیە، واتە کۆمەڵگە چی بە ئاکاری دەزانێت. ئەم پۆلێنبەندیە لە راستیدا سادەیە فەیلەسوفەکان کردویانە، ئەگەر بمانەوێ قوڵتر لەو بابەتە بکۆڵینەوە دەبێت بزانین بان ئاکار کە بەشی یەکەمیەتی چیە و چۆن کێشەکانی ئاکار چارەسەر دەکات، چۆن فەلسەفیانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. دووەم بەشی ئاکار کە بریتیە لە ئاکاری رێنوێنیکار زیاتر تیۆریا ئاکارییەکانە کە پێمان دەڵێت چی بکەین و چی نەکەین. سێیەم بەشیش کە بریتیە لە ئاکاری وەصفی پێمان دەڵێت چۆن ئەو تیۆریایانە بەکار بهێنین.(مجتبی،١٣٨٦:١٨)

**تەوەری چوارەم/ ئاکار لە روانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسیەوە:**

**أ/ ئاکار لە روانگەی دەروونناسیەوە:**

دەروونناسی بە زانستی رەفتار پێناسە کراوە، رەفتار واتە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا. ئامانج لەم زانستە ئەوەیە کە بتوانین

ڕەفتار یان هەڵسوکەوتەکانی خۆمان و ئەوانی تر لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بخوێنینەوە.(مهدوی کنی،١٣٨٤:١٣) هەندێك چەمکی دەروونناسی ئاکار زۆر کەم بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێکی دیکە مەیلیان هەیە ئەم چەمکە بەشێوەیکی بەربڵاو بەکار بهێنن دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە ئاکار و دەروونناسی و فەلسەفەوە، بەشێك لەو بابەتانەی لە ژێر یان لە چوارچێوەی ئەم چەمکەدا باسدەکرێت بریتین لە ( لێپرسراوێتی ئاکاری، کاری ئاکاری، دەرمانی ئاکاری، بەڵگەهێنانەوەی ئاکاری، پەروەردەی ئاکاری، خۆشبەختی ئاکاری، پێشبینی ئاکاری، بۆچونی جیاوازی ئاکاری ... ).( گنجی،١٤٠٠:١٣) لە پەیوەندی ئاکار بە دەروونناسیەوە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێك خاڵ بکەین کە ئەم پەیوەندیەمان زیاتر بۆ روندەکاتەوە:( رفیعی،١٤٠٠:لینك)

**یەکەم/** بنەڕەتی بونی نەفس، سەرەتا لە دەروونناسیدا باسی لێوەدەکرێت دواتر لە ئاکاردا، واتە ئەم نەفسە چی بکات و چە نەکات.

**دووەم/** دەروونناسی سەردەم هاوکاری ئێمە دەکات لە زانستی ئاکاردا سەرکەوتوو تر بین ( ئیحسان، غەیبەت، ئیهانەکردن... هتد )، بۆ نمونە چۆن و بە چ شێوەیەك ئامۆژگاری کەسێك بکەین یان ئاگاداری بکەینەوە بە بێ ئەوەی کەسەکە هەست بە بچوکی و شکانەوە بکات.

**سێیەم/** لە دەروونناسی سەردەمدا کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای زۆر دەربارەی گۆڕین و چاککردنی رەفتار و رەوشی ئێمە باسدەکرێت، بۆیە پێویستمان بەم بەرنامانە هەیە بۆ گۆڕینی رەفتارە خراپەکان و نەریتە ناپەسەندەکان تا دەیکەینە ئاکار و رەوشتێکی پەسەند.

**چوارەم/** بەلەبەرچاوگرتنی یاساکانی ئاکار (سەیرکردنی بونیەتی مرۆڤ، ویژدان، وازهێنان لە حەسودی، کینە.... هتد ) مرۆڤ لە زۆربەی ئەو هێرشە دەرونییانەی کە دەبێتە هۆی نەخۆشی گەلی وەك ( سەرئێشە، نەخۆشی گەدە .... ) رزگار دەکات.

**پێنجەم/** دەتوانرێت لە پەروەردەکردنی ئاکاریانە سود لە یاسا دەرونیەکان وەربگرین.

**شەشەم/** دەروونناسەکان لەم رۆژگارەدا بۆ زۆرێك لە نەخۆشەکانی خۆیان سەرنجیان رادەکێشن بۆ ئاکار ( دوعا و نزا، ئومێد ... )، لەبەر ئەوەی بڕوایان وایە ئەو کەسانەی بۆ خۆیان پەناگەیەکی بەهێزیان هەیە ( خودا ) هیچ کات لە ژیاندا هەست بە پوچی و بێهیوایی و کەوتن ناکەن.

**حەوتەم/** لە رۆژگاری ئێستاماندا بۆ هاوکاریکردنی بەشێك لە نەخۆشەکانیان دەروونناسەکان سود لە چارەسەری واتا دەرمانی ( معنا درمانی ) وەردەگرن. دەبێت ئەوەش بوترێت ئاکار رێگەمان پێنادات لە دەروونناسی سەردەم بۆ سودگەرایی خۆمان بە هەر شێوەیەك بیت سود وەربگرین.

**أ/ ئاکار لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە:**

بە بڕوای زانایانی کۆمەڵناسی، ئاکار ئەو لقەی مەعریفەیە کە بایەخ بە خێر و چاکەی گشتی مرۆڤ دەدات و هەوڵی دانان و بڵاوکردنەوەی ڕێسا گەلێك بۆ رەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەدات، بۆ نمونە ئاکارییەکان رەنگدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتین و جیاوازی زۆری ئەم نمونانە لە ئاستی ناوچە جیاوازەکاندا گوزارشت لە پابەندی بنەما ئاکارییەکان بە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەکاتەوە.(موحسنی،٢٠٠٥:٧١). زانایان بڕوای جیاوازیان لەسەر ئاکار هەیە بە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا، باسکال دەڵێت ئاکار زانستی مرۆڤە، چونکە ئاکار مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیادەکاتەوە. بە بڕوای سبنسر ئاکار زانستێکە لە چالاکیەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کاتێك ئەنجامی ئەم چالاکیە سود بەخش یان زیان بەخش بێت بۆ کەسانی تر، یان ئاماژەیە بۆ توێژینەوە لە رەفتاری مرۆڤ لە ژینگە و کاتێکی دیاریکراودا.(رشوان،٢٠١١:١٩٧). دۆرکهایم پێی وایە کۆمەڵگە جۆری ئەو ئاکارە دیاریدەکات کە تاك ئەنجامی دەدات، هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەکیش رۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی چاك و خراپ، راست و هەڵە دیاری دەکەن. لەبەرئەوە پێوەرەکان و تەنانەت ئاکاریش رێژەییە، لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەوە دەکەنەوە ئاکار چ تاکی بێت یان کۆمەڵی، پێویستە بەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگە بەدیبهێنێت، چونکە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی دوو لایەنەیە و هیچیان بە بێ ئەویتریان بوونیان نیە، کەواتە ئاکار لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت و جێگیر نیە.(ابراهیم،٢٠١٦:١٦). بە بڕوای زانایانی کۆمەڵناسی، ئاکار زانستی پێوەری رەفتاری تاکە کەسە لە کۆمەڵگاکاندا و بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و بە هۆی بوونی بیروڕای جیاواز و قبوڵکردن و رەتکردنەوەوە بەردەوام لە گۆڕاکاری و بەرەوپێش چوون دایە، ئەو بیرۆکە یان رەفتارە قبوڵە، گونجاو بێت لەگەڵ بیروڕای ئاکاری ئەو کۆمەڵەی تاك تیایدا دەژی.(هەمان سەرچاوە:٦٤).

بەشێکی تر لەم زانایانە وەك بەشێك لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەروانننە یاسا ئاکارییەکان و پێیان وایە، هەر تاکێك لەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەی تیایدا لە دایك بووە و دەژی ویژدانێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پێکهاتوە لە داب و نەریت و بیروباوەڕ و بڕیار، ویژدانی کۆمەڵگە بڕیار لە کار و رەفتارەکانی مرۆڤ دەدات، نەك ویژدانی تاك، بە شێوەیەکی گشتی بڕوایان وایە ئاکار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بنەما و سەرچاوەی کۆمەڵایەتی هەیە.(رشوان،٢٠١١:٢٢٩).

**ئەنجام:**

١- ئاکار هاو واتا و هاو مانای ( ئەخلاق و مۆراڵ )ە وە بە یەك مانا بەکاردێن لە زۆر حاڵەتدا.

٢- ئاکار بنچینەیەکی گرنگە لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا و بایەخ و تایبەتمەندیەکی زۆریشی هەیە لە نێو ئاینەکاندا و دەتوانین بڵێین ئایین بە بێ ئاکار وەك جەستەیەکی بێ رۆح وایە.

٣- بە هەمان شێوەی ئاینەکان ئاکار ئامادەییەکی گەورەی لە فەلسەفەشدا هەیە و زۆرێك لە فەیلەسوفەکان لەم بوارەدا کاریان کردوە و جێبایەخیان بوە.

٤- هەموو ئەوانەی وترا پێویستی بە کەسی جێبەجێکار هەیە و دواتر رەنگدانەوەی ئەم جێبەجێکردنە لە نێو کۆمەڵگادا، بۆیە ئاکار لە ناو دەروونناسی و کۆمەڵناسیشدا دەردەکەوێت و کاریگەری گرنگ و تایبەتی هەیە و دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەم دوو بوارە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


- **قورئانی پیرۆز**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

**کتێب:**

١- باپیر، علی (٢٠١٦)، مەوسوعەی ڕەوشت و ئاکاری ئیسلامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

٢- جەوشەنی، عەلی (٢٠١٥)، فەرهەنگی کوردستانیکا ئینگلیزی-کوردی-فارسی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپەمەنی مانگ.

٣- ڕەیچڵس، جەیمس (٢٠٢١)، بنەماکانی فەلسەفەی ئەخلاق، وەرگێڕانی: هەرێم هادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

٤- زەبیحی، عبدالرحمن (١٣٦٧)، قاموسی زمانی کوردی، ئینتیشاراتی صەلاحەدینی ئەیوبی.

٥- سەجادی، بەختیار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی زاراوەیی ڕەخنەیی ئینگلیزی-کوردی-فارسی، چاپی سێیەم، ماڵی وەفایی.

٦- شەرەفکەندی، عبدالرحمن (١٣٦٩)، فەرهەنگی کوردی فارسی هەنبانە بۆرینە، چاپخانەی سروش تاران.

٧- شێخانی، عبدالوهاب (٢٠٠٩)، چاپی یەکەم، بلاوکراوەی موکریان، هەولێر.

٨- غەریب، تەحسین حەمە (٢٠١١)، ئەخلاقناسی(فەلسەفەی ئەخلاق)، چاپی یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە.

٩- غەفور، عومەر عەلی (٢٠٠٢)، ئەخلاق لە سیاسەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، هەولێر.

١٠- قطب، سەید (٢٠٢٠)، لە سایەی فی ضلال، ئامادەکردنی: بورهان محمد امین، چاپی دووەم، بەرگی سێیەم.

١١- کەریم، رزگار (٢٠١٠)، فەرهەنگی دەریا، چاپی دووەم، نەشری أحسان، ئێران.

١٢- کوردستانی، محمد مەردۆخی (١٣٨٥)، فەرهەنگی مەردۆخی.

١٣- گەڵاڵەیی، مەلا مەحمود (٢٠١٠)، قاموسی ڕستە، بەرگی دووەم، دار المعرفة، بیروت.

١٤- محەمەد، شیرین صالح (٢٠٢٠)، ئەخلاقناسی ( ئەخلاق لە نێوان ئاین و فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا )، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی.

١٥- مەحمود، ئەحمەد کاکە (٢٠١٢)، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان، چاپی سێیەم.

١٦- مەودودی، ئەبو ئەعلا (٢٠١٥)، تیۆری ئەخلاق ئیسلامی، وەرگێڕانی: جوتیار قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنوێن.

١٧- موحسنی، منوچهر (٢٠٠٥)، کۆمەڵناسی گشتی، وەرگێڕانی: موسڵیح ئیروانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٨- هەرشەمی، شاسوار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

١- ابراهيم، زكريا (١٩٩٨)، المشكلة الاخلقية، مكتبه مصر، مصر.

٢- ابوزيد و الأخرون(١٩٨٩)، نحو فلسفه اسلاميه معاصرة، المعخد العالمى للفكر الاسلامى.

٣- الأصفهاني، الراغب (٢٠٠٩)، مفردات ألفاض القران، الطبعه الرابعه، دار القلم- الدار شاميه.

٤- الأصفهاني، أبى قاسم الحسين بن محمد الراغب (١٣٦٢)، المفردات فى الغريب القرآن، المكتبة المرتضوى، طهران، ايران.

٥- البعلبكي، رمزى منير (٢٠٠٩)، المورد الحديث قاموس انگلزى-عربى الحديث، الطبعه الأولى دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

٦- الجاحظ، ابو عثمان عمرو بن بصر (١٩٨٩)، تهذيب الأخلاق، دار المحابه للتراث، المدينة طنطا، مصر.

٧- الجرجاني، على بن محمد بن على الزين الشريف (١٩٨٣)، التعريفات الجرجانى، الطبعه الأولى، دار الكتاب العلميه، بيروت، لبنان.

٨- الخراز، خالد بن جمعه بن عثمان (٢٠٠٩)، موسوعه الاخلاق، الطبعه الاولى، مكتبه اهل الاثر و نشر و التوزيع.

٩- رشوان، حسين عبدالصمد احمد، الفلسفه و علم الأجتماع، الطبعه الأولى، المكتبة الجامعى الحديث، الأسكندرية.

١٠- عاشور، محمد الطاهر بن محمد الطاهر (١٩٨٤)، التحرير و التنوير، دار الانشر التونسيه، تونس.

١١- عزام، محفوظ على (١٩٨٦)، الأسلام بين نظرية و تطبيق، الطبعه الأولى، دار الهدايه و نشر و التوزيع.

١٢- العظم، صادق جلال (١٩٩٦)، دراسات فه لافلسفة الغربية الحديثة، منشورات الجامعة الأمريكية.

١٣- الغزالي، ابوحامد (٢٠١٣)، أحياء علوم الدين، ج٢، دار الحديث، القاهرة.

١٤- فارس، ابى حسن احمد بن (٢٠٠٨)، معجم مقياس اللغه، دار الجيل، ج ٢، بيروت.

١٥- الفوزان و الأخرون، تهران، نشر أحسان.

١٦- القرطبى، محمد بن احمد الأنصارى (٢٠٠٦)، تفسير القران الكريم، مؤسسة الرسالة، بيروت.

١٧- الميدانى، عبدالحمن حين حبنكة (١٩٩٩)، الأخلاق الأسلاميه و أسسها، الطبعه الخامسة، دار القلم، دمشق.

١٨- ناصر، ابراهيم (٢٠١٦)، التربية الأخلاقية، الطبعه الثانية، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.

١٩- معجم اكسفورد، انجلزى-عربى لالستعمالات اللغوية المتداولة oxford new york .

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

**کتێب:**

١- ايزيدور، اپيتايس (١٣٨٥)، يهوديت بررسى تاريخى، ترجمه: بهزاد سالكى، مؤسسه پژوهشى حكمت و فلسفه، تهران، ايران.

٢- راب، أ كهن (١٣٥٠)، گنجينهى از تلمود، ترجمه: امير فريدون گرگانى، چاپخانه زيبا، تهران.

٣- ريچارد، بوش و أنها ديگه (١٣٧٤)، جهانى مزهبى/ اديان در جوامع امروز، ترجمه: عبدالرحيم گواهى، دفتر نشر و فرهنگ اسلامى، تهران.

٤- فنائى، ابوالقاسم (١٣٨٤)، دين در ترازوى اخلاق، چاپ اول، ناشر صراط، تهران.

٥- گنجى، حمزه (١٤٠٠)، روانشناسى عمومى، چاپ ١٠، ناشر ساوالان.

٦- گنسلر، هرى جى (١٣٨٧)، در امدى جديد ب فلسفه اخلاق، ترجمه: حميده بحرينى، ناشران: اسمان خيال-نقد قلم.

٧- مصباح، مجتبى (١٣٨٦)، فلسفه اخلاق، چاپ ١٤، مؤسسه اموزشى و پژوهشى امام خمينى(ره).

٨- مهدوى كنى، محمد رضا (١٣٨٤)، نقطه اغاز در اخلاق عملى، چاپ اول، دفتر نشر فرهنگ اسلامى.

٩- هولمز، رابرت ال ( ١٣٩٩) مبانى فلسفه اخلاق، ترجمه: مسعود عليا، انتشارات ققنوس.

**سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:**

**كتێب:**

١- Games f .and john Macquarie (1986), the Westminster dictionary of Christian ethics, Philadelphia.

**گۆڤار:**

١- على خانى، اسماعيل (١٣٨٩)، اخلاق در اين يهود، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، سال أول، شماره سوم، تابستان.

**پێگە ئەلیکترۆنیەكان:**

١- رفيعى، حميدالله (١٤٠٠)، ارتباط علم اخلاق با روانشناسى، /https://fa.al-shia.org .

٢- فضل، محمد حقانى (١٣٩٢)، اخلاق مسيحى، http://pajoohe.ir.



**ملخص البحث:**

آكار ( الأخلاق ) هو من الواضيع التى تبحث و تكتب عنه قليلا فه عالمنا البحوث و الكتابه بشكل عام و فى أوساط الأكاديمية و الجامعية بشكل خاص. كان أهمية الأخلاق فه مجال النظرية أوفى مجال العملية هى ضرورة جدا فه حياتنا المعاصرة. و كذلك حياة الأخلاق يجب علينا أن نجهد لأجل تعريف هذا المفهوم و نفهم كيف استعمله فى الأديان و الفلاسفة ليعالج قسم من مشاكلنا الحياة، و نعرف أينما نحتاج يتصرف أخلاق.

هذا البحث محاولة متواضعة و صغيرة للتعريف و البحث عن هذا الموضوع. يتكون من أربعة مباحث و نتيجة و ذكر المصادر و المراجع. فى المبحث الأول نتكلم عن مصطلح و مفهوم الأخلاق ( آكار ) و علاة هذا المفهوم مع كلمتى ( الأخلاق ) وفى اللغة العربية و ( moral ) فى اللغة الانجليزية. و فى المبحث الثانى نتكلم عن مفهوم ( آكار – الأخلاق ) فى أديان الأبراهيمية. و فى المبحث الثالث نتكلم عن الأخلاق فى ضوء الفلسفة، و فى المبحث الأخير نتكلم عن الأخلاق فى مجال علم النفس و علم الاجتماع. و فى ختام البحث نثير الى أهم نتائج فى تحديد من النقاط. منهج المستخدم فى البحث هو منهج الوصفى.



**Abstract**

Morality (ethics ) is one of the least written about, in the world of our writing in general and academic writing in particular, the importance of ethics both as a theory and a practice and as a necessity of our time. Morally (ethically), living and acting Morally (ethically) requires that we recognize this concept and how it is used in religions and even in philosophy in order to recognize some of our problems and where we need to act Morally (ethically). This study a very small attempt to introduce and discuss this is use.

This thesis consists an introduction, four themes, conclusions and a list of sources. The first topic is to discuss the term and concept of ethics and the relationship of the world with ethics and morality. The second topic is about Morality (ethics) in the Abrahamic religions. The third topic deals with Morality (ethics) from a philosophical perspective, and the last topic deals with Morality (ethics) from a psychological and sociological perspective. At the end of the study, the results are presented. The method used is the descriptive method.